# خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵی فیزیۆلۆژی و پزیشکی دەدرێت بە
# (Barry Marshall & Robin Warren)


Barry J. Marshall


Helicobacter Pylori


J. Robin Warren

**ئەمڕۆ کۆمیتەی دابەشکردنی خەڵاتی نۆبڵی سویدی بڕیاریدا خەڵاتی ناوبراوی ئەمساڵی فیزیۆلۆژی و پزیشکی بدات بە (Barry Marshall & Robin Warren) لە نەخۆشخانەی** Royal Perth **ئوستراليا بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی بە مرۆڤایەتییان کردووە .**

**رۆبین تەمەنی** 68 **ساڵە ، لە ساڵانی هەشتاکاندا واتە** 21 **ساڵ لەمەوبەر لە ئۆستراليا** 100 **تێستی بەکتریای لە نێوپۆشی خانەکانی گەدەی چەند نەخۆشێکدا دۆزییەوە . هەرچەندە ئەو کاتە هەموو پزیشکان وای بۆ دەچوون کە بەکتریا لە نێو ترشەڵۆکی گەدەدا ناژی و هۆی برینەکە دەگەڕێتەوە بۆ نائارامی ، ستایلی ژیان ، خۆراکی توند و تیژ , مەی . بەڵام رۆبین سوور بوو لە سەر ئەوەی کە هۆی برینی سەر گەدە بەکتریایە .**

**کاتێك هاوەڵەکەی رۆبین واتە Barry Marshall هات بۆ نەخۆشخانە بۆ خوێندنی پسپۆری ، خێرا بیرۆکەکەی رۆبینی چووە دڵەوە و هەردووکیان کەوتنە توێژینەوەو لە ساڵی** 1982 **دا باسێکیان لەمەڕ بەکتریاکە لە گۆڤاری پزیشکی** Lancet **دا بڵاوکردەوە . ئەو ساڵە زۆربەی زۆری پزیشکان بەو باسە و ئەو دوو پزیشکە نەناسراوە قایل نەبوون بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی هۆی برینی سەر گەدەو ریخۆڵە دەگەڕێتەوە بۆ بەکتریا .**

**ساڵی** 1984 **Barry Marshall پەرداخێك لەو بەکتریا ترسناکەی تێکەڵ ئاو کردوو خواردیەوە چەند هەفتەیەك پاشتر تووشی رشانەوەبوو ، ئەوەش تاکە رێگایەك بوو کە بۆ دنیای بسەلمێنێت کە ئەو بەکتریایەی هێلیکۆباکتێری پیلۆری Helicobacter Pylori ئەوان دۆزیویانەتەوە دەبێتە هۆی برینی گەدە و ریخۆڵە . نزیکەی** 10 **ساڵان پاشتر پزیشکانی دونیا قایل بوون کە هۆی برینی سەر گەدەو ریخۆڵە دەگەڕێتەوە بۆ بەکتریای نێوبراو .**

**سەرچاوەکان**

1.www.aftonbladet.se © 051003
2.www.expressen.se © 051003
3.www.nobelprize.org © 051003